**لادان له ستراتیژی کۆماری کوردستان!**

سەدی بیست بۆ کورد سەدی کارەسات, چوارپارچه بوونی کوردستان، کۆمەڵکوژی و به لاڕێبردنی ئامانج و ستراتیژی کورد بوو. سەدەی بیست له هەمان کات، سەدەی سەرهەڵدان، بووژانەوه و دامەزراندنی کۆماری کوردستان له شاری مەهاباد بوو.

پاش مەرگی سەردارانی کۆماری کوردستان، کۆتایی به ژیانی سیاسی، تەشکیلاتی و ستراتێژیی حزبی دێموکراتی کوردستان، که درێژەی ستراتێژی ڕاپەڕینەکانی پێشوو بوو، هێندرا و جولانەوەی کورد و حزبەکانی کورد له هەر چوارپارچه، کەوتنه ژێر باندۆڵی فکریی، سیاسی، ئیدئۆلۆژیی حزبەکانی کۆمۆنیست و ژێر ڕکێفی ناسیۆنالیسمی ترک و عارەب و فارس!

شەش مانگ پاش مەرگی قازی موحەممەد، حزبێکی نوێ گرێدراو دەگەڵ حزبی توودەی ئێران، به ناوی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا که بەرنامه و ستراتیژی خۆی له حزبی توودەی ئێران وەرگرتبوو. ئەم ستراتێژییه بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیک و کوردستانێکی خودموختار بوو .

حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حزبێکی گرێدراو له گەڵ ئوردوگای سوسیالیسم بوو و ئامانجی سیاسی خۆی له بەرنامەی "سوسیالیسم دێموکراتیک" دا گردوکۆ کردبوو .ماوەی حەفتا ساڵ ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حزبه، پەیرەوی ئەو برنامەیه بوون که له ئێران دێموکراسی دامەزرێ و له کوردستان خودموختاری.

حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له بەرنامه و ستراتێژی، له ئیدئۆلۆژی و له سیاسەت گرێدراویی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حزبی دێموکراتی کوردستان به سەرۆکایەتی قازی محەممەد نەمابوو. مێژووی دوو حزبی ناوبراو و مێژووی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆیان له یەک مێژوودا نابیننەوه. یەکیان مێژووی سەربەخۆیی بۆ خۆی تۆمار کردووه و ئەوەی دی مێژووی گەیشتن به خودموختاری .یەکەمیان سەربەخۆیی ڕاگەیاند و دووهەمیان له ڕێدایه بۆ ئەوەی ڕۆژێک له ڕۆژان فێدرالیسم له ئێرانێکی دێموکراتیک دابمەزرێ!

ئەوەی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خۆی به درێژەدەری حزبی دێموکراتی کوردستان و ڕیگای قازی محەممەد بزانێ، دەتوانێ بنەمای تەبلیغاتی هەبێ، بەڵام بنەمای مێژوویی، ئیدئۆلۆژیک، بەرنامه و ستراتێژیی نییه.

گەڕانەوه بۆ ستراتێژی و ترادسیۆنی قازی و حزبی دێموکراتی دێموکراتی کوردستان، دەتوانێ ڕێگاچاره بۆ کۆتایی هێنان به قەیرانی حزبی، سیاسی، ئەو حزبه و حزبەکانی تر بێ و ناسنامه له ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێنێتەوه بۆ تاکەکان و جێ پێی سیاسی هەموو ئەو لایەنانه لەق بکات، که هیوای ئازادی خۆیان له تاران و دێموکراتیزەبوونی سیستەمی تۆتالیتێری ئێران دەبینن!

کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی به گەڕانەوه بۆ خۆی و ستراتێژی نەتەوەیی و سیاسەتی ئەمڕۆیی هەیه که بتوانێ له پرۆسەیەکی سیاسی- کۆمەڵایەتی، جێگای خۆی له ژیانی ناوچەکه، گرێدراو له گەڵ بەشەکانی تری کوردستان، ببینێتەوه.

ڕۆژی دەی خاکەلێوه، دەرفەتێکه بۆ بیرکردنەوه له مێژوو و بیرکردنەوه له داڕشتنەوەی ستراتێژی ئەمڕۆ و دواڕۆژ بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک که له بێ ستراتێژیی، له هەموو پارچەکان بۆته قوربانی ستراتێژی و سیاسەتی بێ ئاکام.

سەردارانی کۆماری کوردستان گیانیان له ڕێگای سەربەخۆیی بەخت کرد، نەک خودموختاری و فێدرالیسم!

برایم فەڕشی

*مێژووی چۆنیەتی دامەزراندنی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەکرێ له کتێبی "سەدەی کارەسات" بخوێندرێتەوه، که له بنکەی ژین له سولەیمانی چاپ کراوه.